# یه کگرتووی ئیسلامی بۆ ده ره وه

موئه یه د زراری
26.10.2005، ماینس
Hewler72@yahoo.de

یه کێک له گه نده ڵترین بزاڤی فونده مێنتالیستی ئیسلامی له باشووری کوردستان،لای خۆی بۆته ئیدیالێکی پاک؛ وه ک ئه وه ی له پرسه سیاسیه کانی ولات داهاتووی ده سه ڵات بێت، داهاتوویێک هیچ باشتر نیه له ده سه ڵاتی هاوشێوه کانی، که له مێژووی ده سه ڵاتی نامۆی-ئیسلامی به کورد، مرۆڤیان کرده چه ند ئایه تێک

له به ئه وه ی مرۆڤی کورد "پرۆژه" ی نیه بۆ داهاتوو، هه رگیز خودانی ره وشێکی دروستی ده وڵه تاندن نیه، ئه و ره وشه ی ئێستاش هه یه، ته نها ئه نجامی گۆرانکاریه ده ره کیه کانه،یانی واته ولاتێکه بێفونده مێنت، باشترین ده سه ڵاتی کوردی له ئێستا گه نده ڵبوونیه تی: به گه نده ڵبوونی ناوه وه ی-تاک، مۆراڵێکی شێواو، بێپره نسیپی، نه بوونی سه ربه خۆیی یان ئه وتۆنۆمی-تاک که پێوه سته به پێوه ندی نێوان تاک و ده وڵه ت. ئه گه ر سه رانی کورد له جیاتی کوردبوونێکی کلاسیکی که به ر له وه ی ده وڵه ت-بوون بێت، ئینتیمایه کی ماسۆخیه، پراکتیزه ی ده سه ڵاتیکی مۆدێرن نه که ن، ئه وا ئه م هه رێمه به ده ر نیه له فشاری فونده مێنتالیزمی یه کگرتوو. من نازانم پۆلیتکارانی ناو ده سه ڵاتی کورد که ی له و عه قڵیه ته مێگه لیه ی بچووکبوونه وه رزگار ده بن! ده سه ڵات له هه رێمێکی بچووک بۆ ته چه ند سوب-ده سه ڵاتێک.

ئه گه ر مرۆڤ به چاوێکی گه وره سه رنج له و به شه بچووکه ی گۆ ی زه وی بدات، یان له گه ڵ ولاتێکی مکومی پێشکه وتوو، باشووری کوردستان به راورد بکات، چاک فه هم ده کات، که ئه م ولاته یاریه که، کۆتایی "به م ره وشه ی ئێستای" لومپنادندنی مرۆڤی کورده. من ڕووی گووتارم له و پۆلیتکارانه یه که پۆلیتیک بۆ ئه وان ته نها نانێکی گه نده ڵه. وه ک کۆمه ڵگه یه کی نوێ، کراوه به دوونیای ده ره وه، ئه و دونیایه ی ته واو نامۆیه به ستروکتووری بیرکردنه وه ی ئیدیالی ئیسلام، پێویسته ئێستای سیاسه ت شوێنگری ئه م سیاسه ته نه خۆشه ی پۆلیتکارانی ناوده سه ڵات بێ، که له ده سه ڵاتن ،به یه کگرتووشه وه. گرنگترین ئه رکی سیاسه تی مۆدێرن تێگه یاندنی مرۆڤی کورده به وه ی که ئورووپا که نیسه ی له ده وڵه ت جیاکرده وه، ته نها سێکولارکردنی ده وڵه ت نه بوو، به ڵکو له به ر ئه وه ش بوو، که که نیسه مرۆڤی گه نده ڵ کردبوو؛ ململانێی تاکه کانیش ده رباره ی دین، نه ک پێچه وانه یه له گه ڵ ده وڵه ت وه ک ئۆرگانێکی زیندوو، به ڵکو گه ڕانه به دوای ئیدیالێک که وه ک مارکس گووتی: خۆوونکردنه. مرۆڤ ناکرێ وا به ئاسانی بگه نده ڵێت، ئه گه ر وه ک کانت ده ڵێت" یاسای مۆراڵ له ناخم"ی هه بێت.

تاکی کورد له سه ره تای نه وه ده کان، دوای ده ستپێکردنی شه ڕی نه گریسی براکوژی،ژیانی پابه ند بوو به فه ره ده ئاردێکی یه کگرتوو! ئه وه ی مارکس ده ڵی "دوای تێربوونی گه ده ره خنه دێت"، نه هات، به ڵکو ئه م فه رده ئارده سه له فییه تووڕیدایه ناو جیهانی ئایه ت-حه دیس و گوتاری ئه م دونیا عه جیبه ی ئیسلام، له کۆنکرێتبوونی خۆی دووری خسته وه تا ئاستی نزمه-مرۆڤێک، ماڵیکرد به خۆکه پتاندن، به گوێڕایه ڵی، به ته ریکبوون و خه مۆکی. یه کگرتوو ی ئیسلامی نه ک هه ر یه که یه کی نامۆیه به پرۆژه ی به ده وڵه ت بوونی کورد، به ڵکو وه ک دینێکی به خۆیان-گووته نی جیهانی،

دژیشیه تی. چوونکه له دین ئدیالێک هه یه له سه رووی مرۆڤه، ئه و ئیدیاله ی ئه وانیش، ڕه گیی له نیمچه دوورگه ی عه ره بیه، بۆیه ئه رکی کورد ئێستابه ر پێگرتنیه تی، ته نها بۆ ئازادی و دوورخستنه وه ی ئه م لێشاوه ئ تێکڕای جیهانی ئیسلامی گرتۆته وه به کوردستانیشه وه.

یه کگرتووی ئیسلامی ته نها ئامانجی ده سه ڵاته، ده سه ڵاتێکی فونده مێنتالیستی ئیسلامی، که پێش هه موو که سێک،لێی ژن قوربانییه! یانی نیوه ی کۆمه ڵ ته نها "شتێکه" بۆ حه زه سه یروسه مه ره کانی پیاوی موسوڵمان. مرۆڤ دڵنیایه دینی ئیسلام له ده سه ڵات ده خزێته ناو بچووکترین ئاکاری مرۆڤ، یانی جووڵانیشی ته نانه ت ده بێته "شه دده و که سره ی زمانی عه ره بی" تا ئه م په یا مه نامرۆڤییه نه بۆته مۆته که ی مرۆڤ، وه که ئه وه ی له ئێران ملیۆنانی پێ ده ر به ده ر بوو، مرۆڤ ده بێت ئه لته ر ناتیڤێکی ژیان-دۆست، پڕ له ماف و ئه رک دابنێت.

ده سه ڵاتی کوردی، وه ک ئه وه ی خۆی پێ سێکولاریسته، ده بێت لانی که م پره نسیپه کانی مۆدێرنه، جیاکردنه وه دین له ده وڵه ت بکاته کارێکی بنه ڕه تی، له به رنامه ی خۆی دابینێت، دین ببێته کارێکی تایبه ت به مرۆڤ، ئه وه ی پێی ده ڵێن پێوه ندی مرۆڤ ومێتافیزیک. گرنگترین پایه کانی ده وڵه ت: ئاجێنده یه کی ئابووری پته و، گوڕینی سیسته می په روه رده و ڕاهێنانی تاک له سه ر ژیانی دیموکراسی. نه هێشتنی گه نده ڵیش په یوه سته به ئینتمابوون به وڵات، نه ک له سه بنه ڕه ته کوردبوونێکی کلاسیکی، به ڵکو بنه ڕه تی ده وڵه ت، مه به ستم، هیراشیی ده وڵه ت-حیزب-تاک نه که ئه وه ی ئێستا هه یه تاکی گه نده ڵ-حیزب-ده وڵه ت. مرۆڤی کورد ده بێت بیر له سه ر به خۆیی خۆی بکاته وه، یانی سه به خۆی هی وڵاتی بێت.

ئه و شانۆیه ی ئه مریکا "ململانێی که لتووره کان" له ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست ڕووبه ڕوو بوونه وه یه کی تووندی هێنایه کایه وه، ئیسلام دژی کولتووری مه سیحی ڕۆژئاوا، ژیانی ته قلیدی دژی ژیانی تاکی ئازاد، ئابووری ئازاد* دژی ئابووری ده وڵه تی دیکتاتۆر، سه رماییه ی نه وت دژی ته کنۆلۆجیای نوێ. به کورتی شه ڕێك که هه رگیز له به رژه وه ندی کورد نیه به قازانجی وڵاته دیکتاتۆره کانی ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست به ژداری بکا، ئه مه یه کگرتووی ئیسلامی ده یه وێت ! که وا ته یه کگرتوو دژی به رژه وه ندی کورده؛ ئه گه ر ده سه ڵات بگرێته ده ست، بێگوومان، به م پڕۆگرامه سه له فیه ده چێته ناو بازنه ی ئه م ململانێیه.

کورد ئه وا بۆ جارێکی تریش خودانی شانسێکی گه وره یه له ڕیالیزه کردنی ئه و خه ونه "ده وڵه ت" بۆ یه ئه رکی ئێستاو بوێرانه ی یه کخستنه وه ی ئه و دوو هه رێمه یه، بونیادی وڵاتێکه، که شایسته ی مرۆڤی سه رده م بێت، ده ستاوده ستکردنی ده سه ڵات نابێ شکۆی سه رۆ کی هه رێم و سه رۆکی عێراق بشکێنێ! له دیموکراسی دا، دۆڕاو ده کرێ براوه ی داهاتوو بێت. له پانتایه کی ئازاد، له وه ی که مرۆڤ به ئازادی گه شه بکات، کوا شوێنی یه کگرتوو ی فونده مێنتالیسی ئیسلامی؟

له کۆتایی داده ڵێم: حکومه تی هه رێمی کوردستان له یاسای ڕێپیدانی کاری سیاسی ده بێ هه موو پارتێکی فونده مێنتالیست قه ده غه بکات، سیاسه ت ده بێت دووربێت له تووندوتیژی ،وه ک ئیدیۆلۆجی کوێرانه، هی ئیسلام بێت یان هه ر حیزبێکی پاواننخوازی گه نده ڵ،که ته نها بیر له به رژه وه ندی ده سه ڵاتێکی ڕه ها ده کاته وه. ئه گه ر کوردی ئێستا پاکانه ی ئه وه ده کات، له مێژوو ده رفه تی بونیادی ده وڵه تی نه بووه، گه لۆ تۆ بڵێی ئه م جاره ش هه مان که ناری نه چێته وه قه فه زه که ی**

* گلۆبالیزاسیۆن نه گبه تی زۆری بۆ وڵاتانی ئاسیا، ئه فریقیا، ئه مریکای باشوو رو وڵاتانی ئه وروپای ڕۆژهه ڵات هێناوه. ئه وه له ئه ڵمانیا هه یه پێی ده ڵێن سۆسیال مارکت ئیکۆنۆمی.
** گۆته یه کی جوانی شێرزاد حه سه ن، که ده ڵێت که ناری هه ر ده چێته وه قه فه س، چوونکه وه ک کۆیله یه ک بێی ناژی